**به ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٢٢**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٠/٢٩**

**(( بـڕیـــار ))**

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمـــــارە ( ١٢ ) ی رۆژی (٢٩ /١٠ / ٢٠٠ ) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی حوکمی برگە (١) ی ماددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمارە (١) ی هەموار کراوی سالی (١٩٩٢) و ، بە پێی ئەو دەســـەلاتەش کە برگە (٣) ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠) ی سالی ( ١٩٩٧) پێمـــانی داوە ، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەیخوارەوەمان دا ٠

**یاســای ژمـارە ( ٧ ) ی سـالی ٢٠٠٠**
**یـــاسای خانەنشینی کەمئەندامبوانی پێشـمەرگە**

**مـادەی یەکەم :**

ئەو پێشمەرگەیەی لەم حالەتانەی خوارەوە دا ، تووشی کەمئەندامبوونی لەش بوون، خانەنشین دەکرێن:

١. ئەگەر پلەی زەبوونیی ، بە پێی راپۆرتی پزیشکی کە لە لایەنێکی پسپۆرەوە دەرچووبێ، (٥٠٪) یان زیاتر بێ٠

٢. ئەگەر ئەندامێکی دیوی دەرەوەی لەشی لە دەست دابێ،سا پلەی زەبوونیی هەرچەندە ، دەبێ، ببێ

**مـاددەی دووەم :**

هەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی گەیشتبێتە ( ١٠٠٪ ) یان ئەندامێکی لەشی (( وەك ئەوەیلە برگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە )) لە دەست دابێ ، مووچەیەکی خانەنشـــینی بۆ دەبرِدرێتەوە، بە قەدەر ســــەرجەمی ئەو مووچەو دەرمالەیە بێت کە **مانگانە لـە کاتی خزمەتا وەریدەگرت ٠**

**ماددەی سێیەم :**

هـــــەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی لە ( ٥٠٪ ) کەمتر نەبێ و نەگەیشتبێتە (١٠٠٪ ) ، ئـــەوە مووچـــەیەکی خانەنیشینی بۆ دەبرِدرێتەوە بە قەدەر ئەو مووچەیە بێت کەلە کاتی خزمەتا وەریدەگرت ٠

**مـاددەی چوارەم :**

ئەو پێشـــــمەرگەیەش کە تووشی کەمئەندامی بووەو پلەی زەبوونییەکەی لە (٥٠٪) لەســــــر حەزو ئارەزووی خۆی هەوالەی یەکـــە جێنەگۆرە ( الوحدات الپابتە ) کانی ریزەکانی پێشمەرگە دەکرێ کە لەوێ کاربکات٠

**ماددەی پێنجەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت،کاری پێ ناکرێ ٠

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار ٠

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە جەریدەی رەسمیدا ، دەخرێتە کار .

**د. رۆژ نــــوری شاوەیس**

**ســەرۆکی ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێــراق**